بۆ برەودان بە رەوتی زانست و ڕێکخستنەوەی سەرجەم دەزگا و ناوەندەکان لە چوارچێوەی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

### بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

### بــڕیــار

**ژمارە (28)ی ساڵی 2014**

**پاڵپشت بەحوکمی بڕگە (1)ی ماددەی (56) لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو ، لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ، بەپێی بڕگەی (یازدەم) لە ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو ، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (7)ی رۆژی 2014/10/22 دا ئەم بڕیارەی دا :**

**یەکەم : رەزامەندیی دەربڕین لەسەر ناردنی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ بەرگری لە کۆبانێ .**

**دووەم : لەسەر وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن .**

**سێیەم : ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونی لە 2014/10/22 ـەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان )ـدا بڵاو دەکرێتەوە .**

### هۆیەکانی دەرچوواندن

**لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ، بەپێی بڕگەی (یازدەم) لە ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو و ، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێیدراوە بۆ جوڵاندنی هێزی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەرەزامەندی پەرلەمانی کوردستان و ، بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی لە مەترسیەکانی تیرۆر بەتایبەت کردەکانی رێکخراوی تیرۆرستی ناسراو بە (داعش) و ، بەو پێیەی عێراق و هەرێمی کوردستان بەشێکن لە**

**هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ، وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی جێبەجێکردنی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (24) لە 2014/10/15 ئەم بریارە دەرچوێندرا .**

**یوسف محمد صادق**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

## بڕیار

**ژمارە ( 32 )ی ساڵی 2014**

**پاڵپشت بەحوکمی ماددەی (44) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو ، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (21) ڕۆژی 2014/12/31 دا ئەم بڕیارەی دا:**

**یەکەم: ناوی ئەم ئەندامانەی پەرلەمان کە ناویان لە خوارەوەدا هاتووە دەخرێتە سەر ئەو لیژنانەی بەرامبەر ناوی هەریەکەیان هاتووە:**

**1- شوان احمد نعمان لیژنەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیداری هەرێم.**

**2- منی نبی نادر لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیداری هەرێم.**

**3- ڤیان عباس عمر لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی.**

**دووەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی 2014/12/31ـەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) یشدا بڵاودەکرێتەوە.**

**یوسف محمد صادق**